# عێراق: یەکێك لەخوێناویترین رۆژەکانی

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk

ئەمرۆ 2006/11/23 خوێناویترین رۆژێکە لەمێژووی ساڵی 2003 بەدواوە، رۆژێکە کەتیایدا زیاترین کوژراو لەژنان و مندالان و تێکدانی ئەمنیەتی سەرجەم شاری بەغداد و ترس و دڵەراوکێی خەڵکی لەتەقینەوە و قەصفی بەهاوەن بۆسەر گەرەکەکانی بەغدا و هێرشی چەکداری بۆسەر وەزارەتی صحە، ئەم هێرشەی ئەمرۆ بەدوای ئەوەی لەناوەراستی ئەم مانگەدا گەورەترین رفاندنی بەکۆمەڵ بەرۆژو بەبەرچاوی خەڵکەوە رویداوە، کەزیاتر لە 150 کەس لەوەزارەتی تەعلیم دەرفێنن، ئەگەرچی گەورەترین بودەڵی و کەمدەسەلاتی هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی دەستکردەکەی عیراق دەخاتە روو، کەتائێستا چ وەزارەتی صحەو وەزارەتی ناوخۆو دیفاعیش ئەحسابی تەواویان لانیە لەسەر ئەم روداوە.



ئەمرۆ لەمێژووی دەسەلاتداریێتی ئەمریکا و ئەلقە لەگویکانی لەئەحزابی ئیسلامی و ناسیونالیستی عەرەب و کورد، تاریکترین و خوێناویترین رۆژی خەڵکی عیراقە.

ئەمرۆ شاری بەغداد کۆمەڵێك روداوی بەخۆیەوە بینی کەسەرەتا بە 4 تەقینەوە لەمەدینەی صدر ( سەورە ) دەستی پێکرد، کە تەقینەوەکان بەماوەی کەم بەدوای یەکداو لە چەند شوینی جیاوازدا بون، کەدەرئەنجامی یەکەمی هەواڵەکان بەزیاتر لە 160 کوژراو و زیاتر لە 250 بریندار قیاس دەکرێت و هەواڵەکانی ناوخۆ مەزەندەی زیاتر دەکەن، کەزۆرێك لەکوژراوەکان منالْ و ژنانن و بەجیا لەوەی کەباسی تێکەڵ خوێن و گۆشتی ئینسانەکان و پارچەپارچەبونی لاشەکان دەکرێت، لەگەڵ ئەم تەقینەوانە بەهاون ئەم شوینە قەصف کراوەو زیانی زۆری ماڵی و گیانی تری بەشوێنەوە بوە. هەواڵەکان دەڵێن کە 8 سەیارەی مینرێژ کراو بوەو 5 م دەستگیرکراوەو 3 کەی تر دیار نین.

هاوکاتی ئەم تەقینەوانە 30 چەکدار، کەتەصەور دەکرێت سونی بن، بینای وەزارەتی صحە گەمارۆ دەدەن و بەرەشاش و هاون بۆ ماوەی 3 سەعات هێرشی دەکەنە سەری، کەوەزیری صحە خۆی لەوەزارەتدا مەوجود دەبێت و هەوالەکان کوژراوی بینای وەزارەت لەکارمەندەکان بە7 کوژراو مەزەندە دەکەن. پاش هێزێکی زۆری ئەمریکی بەهەلیکۆبتەرەوە، چەکدارەکان لەدەوری وەزارەت دەکشێنەوە.

بەدوایی تەقینەوەکانی مدینە صدردا، چەند گەڕەکێکی تری سونە نشین لەوانە ئەعزەمیە دەدرێتە بەر هاون و هەوالەکان وا ڕادەگەیەنن کەجەماعەتی جیشی مهدی، شیعە بن لەتۆڵەی تەقینەوەکانی مەدینەی صدردا، هەوالەکان دەڵێن لەئەعزەمیە بە 12 کوژراو بە 24 کوژراو لەناوچەکانی تر مەزەند دەکرێت، کەرەنگە ژمارەی بریندارەکان زۆر زیاتر بیت.



هەواڵەکان دەڵێن کەهێزەکانی ئەمریکاش لەناچەی مدینە صدر تەقە لەسەیارەیەك دەکەن، 4 یان لیدەکوژن و 8 بریندار دەکەن.

وەزارەتی ناوخۆ دەڵێت خەڵکی عیراق باش دەزانن ئەمانە کێن و پێویست ناکات، قسەی لەسەر بکەین. بەدوایی ئەمەدا جارێکی کەحکومەت مەنع تەجەول ئیعلان دەکەن، کەناڵێن تا چەند ئیدامەی دەبێت.

ئەگەر گەورەترین رۆژە خوێناویەکانی عێراق لەدەسەلاتداریتی ئەمریکا بخەینە روو وەك لەخوارەوە هاتوە ئەوا، ئەمرۆ خویناویترین و رەشترین رۆژگاری خەڵکی عیراقە سەیرێکی ئەم ئامارە بکەن:

- 23ی نۆفەمبەری 2006 - 160 کوژراو ، ئەمە تەنها لەمدینەی صدرو جگە لەناوچەکانی کەی بەغداو عیراق
- 7 ی ئەپریلی 2006 - 85 کوژراو، لەبەغداد
- 5ی جەنیوەری 2006 - 110 کوژراو، لەرومادی
- 14ی سێپتێمبەری 2005 - 182 کوژراو، لەبەغداد
- 28ی فێبریوەری 2005 - 114 کوژراو، لەحلە
- 2 ی مارچی 2004 - 140 کوژراو، لەبەغداد و کەربەلا
- 1 فێبریوەری 2004 - 105 کوژراو، لەشاری هەولێر

ئەمە دیاری ئەمریکاو هاوپەیمانە رەنگاورەنگەکانیەتی بۆ خەڵکی عێراق، لە رزگارکردن و دیموکراسیەکەی کەبەدیاری بۆ خەڵکی عیراقیان هێنا، کەخەڵکی عیراق و کوردستان ناکرێت چاوەرانیەکی لەمە زیاتریان لەهێزەکانی ئەمریکاو دەسەلاتدارانی ئەمرۆی عیراق لەوە زیاتر هەبێت، بۆیە زەرورە کەبیر لەبەدیلیکی رادیکالو ئینسانی بکەنەوە، کەنوێنەرایەتی ئەمریکاو قازانجی ئەو ئەحزابە رەنگاو رەنگانە نەکات، هێزو بەدیلێك کە ئایندەی خەڵکی عیراق و کوردستانیان بۆ مەبەست بێت بەجیا لەدین و قەومیەتیان.